# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 20 (6ی شوبات– 12ی شوباتی 2017)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری 20ی شوباتی 2017 بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان



- هەروەك لە ١٢ی شوبات، 152,448 کەس لە ئێستادا لە ئەنجامی بەردەوامی شەڕوشۆڕ ئاوارەبوون. لە نێوان ٦ - ١٢ی شوبات، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئاوارەبوون بە 10,000 کەس کەمبۆتەوە. لە کۆی گشتی، لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، نزیکەی 200,000 کەس ئاوارەبوون، لەو کەسانە ژمارەیەك لە 46,200 کەس گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان.

- کورتهێنانی بەرچاو لە ئاوی خواردنەوە وەك نیگەرانیەکی مرۆیی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەمێنێتەوە. هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ئێستادا 2,300 مەتر سێجا لە ئاوی خواردنەوەی ڕۆژانە دەکەنە تانکەری ئاوەوە. وویستگەی چارەسەرکردنی ئاوی ئەل سەحرون کە بەم دواییە دووبارە چالاککرایەوە لە ئێستادا ئاو بۆ 70,000 هاووڵاتی دابین دەکات لە گەڕەکەکانی دەوروبەر.



مصادر خريطة: OCHA, CCCM, IOM DTM والمجموعات
الحدود والأسماء الموضحة والتسميات المستخدمة على هذه الخريطة لا تعني تأييداً أو قبولاً من قبل الأمم المتحدة.
تاريخ انشاء الخارطة: 6 شباط/ فبراير 2017

- ڕێژەکانی قوربانیانی زەبری دەروونی بە بەرزی دەمێننەوە لە نزیك ناوچەکانی بەرەی شەڕ. لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ تاکو ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، زیاتر لە 1,678 هاووڵاتی بریندار ڕەوانەی نەخۆشخانە سەرەکیەکانی هەولێر کرابوون بۆ وەرگرتنی چاودێری زەبری دەروونی. لە نێوان ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم تا ٤ی شوبات، نەخۆشخانە ٥٠ قەرەوێڵەییە مەیدانیەکەی نەشتەرگەری جۆری دوو لە بەرتلە چارەسەری 369 هاووڵاتی کردووە کە برینی زەبری دەروونیان هەبوو.

| 9,500 | 132,500 | 152,000 | 463,000 | 1,020,000 | 878,000 |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی شەڕوشۆڕەوە لە شاری موسڵ (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | ڕاوێژکردنەکانی پزیشکی دابین کراون (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی وەردەگرن (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی وەردەگرن (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

دەستگەیشتنی مرۆیی لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ماوەی ئەم هەفتەیە زیانی پێگەیشتووە، هەروەك ژمارەیەك لە ڕووداوەکانی ئەمن و ئاسایش زیانیان گەیاندووە بە هاوکارانی کاروباری مرۆیی، ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی چالاکیە مرۆییەکان. داعش فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بە کاردێنێت بۆ گواستنەوەی تەقەمەنی کە بووە هۆی برینداربوونی چەند کارمەندێکی کۆمەکی فریاگوزاری. هێرشێکی خۆکوژی داعش بۆ سەر چێشتخانەیەك لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە گەڕەکی زوهور، کە بووە هۆی کەوتنەوەی ژمارەیەکی زۆری قوربانیان، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە هاوکارانی کاروباری مرۆیی چاوبخشێننەوە بە هەڵسەنگاندنەکانی ئەمن و ئاسایشیان و خۆگونجاندن لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەترسی زیاتر. لە ڕۆژی ١٢ی شوبات، نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو کاروانەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ڕاگرتووە تاکو بتواندرێت هەڵسەنگاندنەکانی مەترسی ئەمن و ئاسایشی زیاتر ئەنجام بدرێن.

گەڕانەوەی بەرچاو لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بەردەوام بوو لە ماوەی نیوەی یەکەمی هەفتەی ڕابردوو، لەگەڵ ئەوەی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن بەڕێوەبردنی خێوەتگەوە ڕاگیراون لە کۆتایی ئەم هەفتەیە بەهۆی ڕووداوەکانی ئەمن و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. ئاوارەبوونی تازەش بەردەوامە، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. لە ڕۆژی ١٢ی شوبات 152,448 کەس لە ئاوارەییدا ژیانیان گوزەراندووە، کەمبوونەوەی ژمارەیەکی نزیکەی 10,000 کەس لە ماوەی هەفتەی ڕابردووە هەیە.

هەروەك زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە دەستی هێزەکانی ئاسایشی عێراقیەوەن، هەتاکو کۆتایی هەفتەی ڕابردوو خەڵکی توانیبویان هەندێك بە ئازادانە بجولێن تاکو دەستیان بگات بە بازاڕە نزیکەکان و خۆراك بکڕن. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرچەندە کێشەکانی ئەمن و ئاسایشی خۆراك لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە شێوەیەکی سەرەکی پێك دێن لە نەبوونی توانای کڕینی خۆراك، خراپ بوونی بارودۆخ بەهۆی دەرفەتە سنوردارەکانی ژیان و گوزەران. خۆراکەکان لە ناو بازاڕە ناوخۆییەکان بەرجەستەن، بەرهەمهێنانیش بەردەوامی هەیە. خۆراکیش ڕاپۆرت کراوە لە ناو بازاڕەکانی ڕۆژئاوای شاری موسڵ بەرجەستەن، بەڵام بەرجەستەبوونی کۆمەکیە بازرگانیەکان ئەویش لە بچووکبوونەوەدایە، هەروەك ڕێگاکانی کۆمەکی بۆ ئەم بەشەی شارەکە لەوەتەی دەستپێکی تشرینی دووەم پچڕاوە. خۆراکی تازە وەکو سەوزەواتەکان، گۆشت و ماسی بە شێوەیەکی زۆر زیانیان پێگەیشتووە. نرخی هەندێك لە خۆراکەکان ڕاپۆرت کراون کە دووهێندەیان لێهاتووە لە هەندێك حالەتدا، پێدەچێت بارێکی قورس بخاتە سەر بەتایبەت خێزانە زیان پێگەیشتووەکان.

کورتهێنانی بەرچاو لە ئاوی خواردنەوە وەکو نیگەرانیەکی سەرەکی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەمێنێتەوە. هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ئێستادا تێکڕای 2,300 مەتر سێجا لە ئاوی ڕۆژانە دەکەنە تانکەری ئاوەوە بۆ 30 گەڕەك، نزیکەی نیوەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هەرچەندە، ئەمەش وەك قەبارەیەکی بۆشایی دەمێنێتەوە هەتاکو تۆڕی ئاو بە تەواوی کارا دەبێتەوە. وێستگەی ئەلسەحرون بۆ چارەسەری ئاو کە بەم دواییە دووبارە چالاککراوەتەوە ئێستا بەستراوەتەوە بە تۆڕی گشتی و دەستی کردووە بە دابین کردنی ئاوی لە بۆڕی کراو بە تێکڕای 2,000 مەتر سێجا بۆ هەر کاتژمێرێك بۆ 70,000 هاووڵاتی لە گەڕەکەکانی دەوروبەر. لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هەندێك بەشی شارەکە دەڵێن کە ئاوی خواردنەوەی خاوێن وەردەگرن، بەڵام ئەم ئاوە تەنها بەرجەستەیە بۆ چەند کاتژمێرێك هەر چەند ڕۆژ جارێك. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، خەڵکی لە گەڕەکەکانی باشور و ناوچەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای شاری موسڵ هیچ دەستیان ناگات بە تۆڕی گشتی هەرچەندە، و ئەگەری دەستگەیشتنیان هەیە بە ئاوی خواردنەوەی نەشیاو.

ڕێژەی قوربانیانی زەبری دەروونی بە بەرزی دەمێنێتەوە لە نزیك ناوچەکانی بەرەی شەڕ، لەگەڵ زۆربەی حاڵەتەکانی زەبری دەروونی کە پێویستیان بە ڕەوانەکردنە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ شاری هەولێر. لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم تاکو ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، زیاتر لە 1,678 هاووڵاتی بریندار ڕەوانەکراون بۆ نەخۆشخانە سەرەکیەکانی هەولێر بۆ وەرگرتنی چاودێری زەبری دەروونی. لە نێوان ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم و ٤ی شوبات، نەخۆشخانەی نەشتەرگەری مەیدانی ٥٠ قەرەوێڵەیی لە بەرتلە چارەسەری 369 هاووڵاتی کردووە کە برینی زەبری دەروونیان هەبووە.

هیچ دەستگەیشتنێکی مرۆیی بۆ ڕۆژئاوای شاری موسڵ و ڕێگای تەلعەفەر نیە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشن، و زیادبوونی نیگەرانیە مرۆییەکانیش هەن سەبارەت بە لەش ساغی هاووڵاتیان لەم ناوچانە. بۆ زیاتر لە دوو مانگ دەبێت، ڕێگا گەورەکانی بازرگانی بۆ ناو ڕۆژئاوای شاری موسڵ پچڕاون. هاوکارانی مرۆیی پلان دادەنێن بۆ سیناریۆی مرۆیی جیاواز کاتێك شەڕەکە دەجولێت بۆ بەشەکانی ڕۆژئاوای شارەکە، لەوانە بارودۆخەکانی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵ و گەیاندنی کۆمەکی بۆ ئەو کەسانەی کە لەو شوێنە نیشتەجێ دەبن.

## پاڵپشتی کردنی دارایی

هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە جولەپێکردنی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکە. نەوەد و حەوت لەسەدای بانگەشەی بەپەلەی موسڵ، کە لە مانگی تەموزی ٢٠١٦ دەرچووە، بۆ ئامادەکاری بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکە وەرگیراوە. ئەمەش ڕێگەی بە هاوکارانی کاروباری مرۆیی داوە بۆ هاوکاری کردنی سەدان و هەزاران کەس لە ماوەی هەنگاوەکانی یەکەمی هەڵمەتەکە. لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم، هاوکارانی کاروباری مرۆیی پوختەیەکی جێبەجێکردنی بەرەوپێشوەچوونیان پێشکەشکرد لە پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ کە دەیخەمڵێنێت بڕی 930 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی پێویستە بۆ گەیشتن بە 5,8 ملیۆن عێراقی. لەو بڕە پارەیە، نزیکەی 570 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی داواکراوە بۆ ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ.

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**293,837**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگات، یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبووان و شوێنە تەنگەتاویەکان، پێویستیان بە دەستگەیشتنی بەپەلەیە بۆ هاوکاری سەرەکی و خزمەتگوزاریەکان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە 3,129 پێداویستیەکانی تەنگەتاویان دابەشکردووە بەسەر 2,595 خێزان کە سوود بە 11,582 ئاوارە دەگەێنێت، لەوانە 7,470 منداڵ. زۆربەی پێداویستیەکان دابەشکرابوون بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەنە شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی و جەدعە (7,250 کەس) دوابەدوای ئەویش حەمدانیە (2,329 کەس) و خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر(3,560 کەس) خێوەتگەی ئەل شێخان (400 کەس) وخێوەتگەی دیبەگە (43 کەس).
- لەوەتەی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانی تەنگەتاویان بۆ 293,837 کەس (لەوانە 161,610منداڵ) دابەشکردووە، لەو ژمارەیە 30,199 کەس هاوکاری کراون لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هەروەك خەڵکی لەوانەیە چەندین جار ئاوارەبووبن، ئەگەری هەیە کە هەندێك کەس هاوکاری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیان زیاتر لە جارێك وەرگرتبێت.
- پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێك دێن لە 12 کیلۆگرام لە پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراوی بەپەلە، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی کە بەشی یەك خێزان دەکات بۆ ماوەی یەك هەفتە، 12 لیتری ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو. لەو شوێنەی کە دەکرێت، هەروەها ئەو پێداویستیانە تیایاندا لەوانە پێداویستیەکی ئافرەتان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

**9,577**
شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- زیاتر لە 132,568ئاوارە لە ئێستادا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان نیشتەجێکراون، لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە ماونەتەوە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان ژیان دەگوزەرێنن. زیادبوونی ئاوارە گەڕاوەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی موسڵ ژمارەی ئاوارەکانی کەم کردۆتەوە لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان. لە ناو خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر و قەیماوە ئێستا 2,232 شوێن بەرجەستەن بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە تازە گەیشتووەکان. گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئاوارەکان بۆ ئەو لادێیانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت بەردەوام لە زیادبووندایە.

بەهاناوەچوون:

- بنیاتنانی خێوەتگەکان لە سەلامیە و حەمام عەلیل بەردەوامە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی، شوێنەکان دەبێت ئامادەبکرێن لە کۆتایی ئەم مانگە. کاروانێکی تەکنیکی هاوبەش ئەنجام دەدرێت لەم هەفتەیە بۆ دەستگەیشتن بەو شوێنانە و ئاسانکاری بۆ دەستنیشان کردنی بۆشاییەکان لە گەیاندنی خزمەتگوزاری کە دەتواندرێت لە ئەستۆ بگیرێت لەلایەن ئەم هاوکارانەی مرۆیی کە لەبەردەستن.
- فراوانکردنی خێوەتگەی جەدعە ٤ و شوێنە تەنگەتاویەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی بەردەوامە. لە بنکەی ئاسمانی گەیارە، شوێنەکە گەیشتۆتە توانای تەواوی خۆی بەهۆی گەیشتنی ڕۆژانەی ئاوارەی تازە.
- لە تکریت، شوێنەکانی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئێستا لە خێوەتگەکانی سەماح و یاریگای ئۆلۆمپی بەرجەستەن، هەرچەندە هەندێك بۆشایی لە گەیاندنی خزمەتگوزاری ماونەتەوە. بنیاتنانی خێوەتگەی ئەل عەلەم بەردەوامی هەیە. ئەم خێوەتگایانە ئێستا لەبەرچاوگیراون کە بکرێنە کاری لەپێشینە بۆ بەهاناوەچوونی حەویجە، یان ئەگەر نا پێویستن بۆ تەنگەتاوی موسڵ.
- پلانەکانی ئێستا پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە کۆتایی مانگی ئادار 39,500 شوێن لەوانەیە بەرجەستەبن، کە ڕێگە بە حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەدات بۆ نیشتەجێکردنی زیاتر لە 236,838 ئاوارە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکان بەم دواییانە چۆڵکراون بەهۆی بەردەوامی گەڕانەوەی ئاوارەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە لە کاردەکات لەسەر پێش وەختە دانانی کەل و پەلەکان بۆ شوێنە تازەکانی کە لە ژێر بنیاتناندان. گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە چاوەڕێ ی پشتڕاستکردنەوەی فەرمین لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ دەستنیشانکردنی هاوکارانی بەڕێوەبەرانی خێوەتگە بۆ شوێنە تازەکان.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

پێویستیەکان:

> **532,656**
> کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکانە. تیایدا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن، ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵ خێزانە خانەخۆییەکان دەمێننەوە و کەسانی تری زیان پێگەیشتوو لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.
- هاوکاری وەرزی زستان، لەوانە ڕەشماڵی وەرزی زستانی، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی بۆ چێشتلێنان، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان هێشتا بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 1,021 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی لە ناو خێوەتگەکان دابەشکرابوون؛ لەوکاتەی لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە 2,049 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی و 250 پێداویستی سەرەکی وەرزی زستان دابەشکرابوون بەسەر خێزانە زیان پێگەیشتووەکان.
- لەوەتەی دەستپێکی بەهاناوەچوونەکە، کۆی گشتی 88,776 پێداویستیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی (لەوانە 30,219 پێداویستیەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی و 58,557 پێداویستیە سەرەکیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان) دابەشکراون، هاوکاری گەیاندۆتە زیاتر لە 532,656 کەس. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گشتی 22,717 پێداویستیە سەرەکیەکانی وەرزی زستان لەوانە گەرمکەرەوەکان، فەرشە گەرمەکان، جلیکانەکانی نەوت دابەشکراون، هاوکاری گەیاندۆتە زیاتر لە 136,302 کەس. 102,333 پێداویستی جل و بەرگ ئەوانیش دابەشکراون.
- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، کەل و پەلە تەواوکاریەکانی وەرزی زستان، لەوانە، کۆمەکیەکانی بەتانیەکان و لێفەکان و تەباخەکان و گەرمکەرەوەکان دابین کرابوون بۆ زیاتر لە 1,060 خێزان لەسەر بنەمای پێویستی. لە کۆی گشتی، 71,363 خێزان هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلە تەواوکاریەکانی وەرزی زستان لەوەتەی ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦.
- دابەشکردنەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لە ناو خێوەتگە لە ماوەی ئەم هەفتەیە بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان کردبۆوە لەسەر خێوەتگەکانی دیبەگە، حەسەن شام، نەرگیزلە و سەماح.
- دابەشکردنەکانی دەرەوەی خێوەتگە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی پێویستی سەرۆك خێزان بووە لەلایەن هاوکاران لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت. بۆ ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، دابەشکردنەکان ئەنجام درابوون لە گەڕەکانی ئەل نوغرە و ئەل فەلاحی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، لە قەزای شێخان، لە تەلکێف (لادێ ی موسقەلات – باکور) و چەند ناوچەیەك لە حەمدانیە، لەوانە لە ناحیەی نەمروود.
- بە نزیکەیی 1,244 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی چەسپکرابوون یان دابەشکرابوون لە ئەل عەلەم و شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی و خێوەتگەی سەماح لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، لەو کاتەی لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە 1,772 پێداویستی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکرابوون بۆ ئەو خێزانانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لە شارەکانی موسڵ و تکریت. هەندێك لە 1,260 پێداویستی داپۆشینی پەناگە چەسپ کرابوون لە شوێنەکانی دەرەوەی خێوەتگە، و 5,800 ڕەشماڵ چەسپ کرابوون لە شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە.
- کۆی گشتی 33,807 ڕەشماڵی خێزانی تاوەکو ئێستا دانراون بۆ دابین کردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ نزیکەی 202,842 کەس، لەگەڵ 6,924 پێداویستیەکانی پەناگەی تەنگەتاوی و 3,708 پێداویستیەکانی داپۆشینی پەناگەی تەنگەتاوی دابەشکرابوون لەوەتەی ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم، کە سوود دەگەیێنێت بە نزیکەی 63,792 کەس.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییە سەرەکیەکەی کە ڕاپۆرت کراوە بریتی یە لە چێشتلێنان و سووتەمەنیەکانی گەرمکردنەوە لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان و لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

**30,322**
کەس هاوکاری کراون بە پێدانی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لە نێوان ٢٣– ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان، خەڵکانی زیان پێگەیشتوو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن، دوابەدوای پێدانی پارچەکانی خۆراکی ووشك. ئەم هاوکاریە بۆ ئاوارەکان دابین کراوە لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگەکان.
- لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتەکانی سنورداری ژیان و گوزەران، وەهەندێك لەو کەسانە دەستیان ناگات بە سیستەمی گشتی دابەشکردنی خۆراك.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەش کردووە بەسەر 5,648 خێزان کە دەکاتە (30,322 کەس). دابەشکردنەکان درابوون بە 1,131 خێزان کە دەکاتە (6,655 کەس) لە خێوەتگەی حەسەن شام م٢، 1,287 خێزان کە دەکاتە (6,435 کەس) لە ناو خێوەتگەی حەسەن شام یو٣، 810 خێزان کە دەکاتە (4,050 کەس) لە ناو خێوەتگەی جەدعە، 1,170 خێزان کە دەکاتە (5,850 کەس) لە ناو خێوەتگەی خازر، و 1,050 خێزان کە دەکاتە (7,332 کەس) لە ناو شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی.
- هاوکارانی گروپ بەرنامەکانی ژیان و گوزەران لە ئەستۆ دەگرن، لەوانە دەستپێشخەریەکانی خشتەکانی پارەی کاش بۆ ئیش و کاری کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتی تەنگەتاوی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ڕێگریەکان لەسەر جولانەوەی مەڕوماڵات لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و نەینەوا، و نەبوونی شوێن لە ناو خێوەتگەکان بۆ مەڕوماڵات، مانای وابووە کە هەندێك لەو کەسانە بەنیازنین یان ناتوانن بگوازرێنەوە بۆ ناو خێوەتگەکان.

## تەندروستی

**462,922**
کەس ڕاوێژکردنەکانی تەندروستیان وەرگرتووە لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- بە شێوەیەکی بەرچاو خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی زیاتر پێویستن لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و ئەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت.
- کورتهێنانێك هەیە لە خزمەتگوزاریەکانی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکانی کە زەبری دەروونیان هەیە و حاڵەتەکانی پزیشکی تەنگەتاوی.

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 25,277 ڕاوێژ لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 4,065 ڕاوێژ ئەنجام دراون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی.
- لەم هەفتەیە، 3,385 ڕاوێژی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان ڕاپۆرت کرابوون. کۆی گشتی ڕەوانەکردنەکانی تەنگەتاوی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان لەم هەفتەیە بریتی بوو لە 658 حاڵەت، لەو ژمارەیە 150 حاڵەت ڕەوانەکرابوون بەهۆی ئاڵۆزیەکان لە ماوەی دووگیانی یان منداڵ بوون. هەندێك لە 87 ڕاوێژی تەندروستی دەروونی یان هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەوانیش ئەنجام درابوون.
- کۆی گشتی 514 کوتان لە دژی ئیفلیجی و سۆریکە درابوون بە منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی لەم هەفتەیە.
- سێ نەخۆشیە بڵاوبووەکانی سەرەکی کە ڕاپۆرت کراون لەلایەن سەنتەرەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بریتی بوون لە نەخۆشیەکانی بۆری هەناسەدان (٥٢ لەسەدا)، نەخۆشی پێست بە (١٣ لەسەدا)، و ئیسحالی زۆر بە (٧ لەسەدا).
- شازدە سەنتەری تەندروستی سەرەتایی لە ناو شاری موسڵ، یەك نەخۆشخانە، و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە نەینەوا هاوکاری کراون بە پێدانی چوار لە پێداویستیەکانی تەنگەتاوی فرە ئاژانس، 96 یەکەی تەندروستی تەنگەتاوی سەرەتایی، 10 پێداویستی نەشتەرگەری، و یەك پێداویستی تەواوی ئیسحالی بۆ فرە ئاژانس. هەندێك لەو کۆمەکیانە هاتبوون لەلایەن بەخشینی جۆری لەلایەن حکومەتی نەرویج.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بە شێوەیەکی بەرچاو دکتۆر و پەرستاری زیاتر کە شارەزاییان هەیە لە زەبری دەروونی پێویستن لە ناو نەخۆشخانە مەیدانیەکان و لە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی. ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگە کە هەروەك لەم زووانە پێشبینی دەکرێت کە ژمارەی نەخۆشخانە مەیدانیەکان زیادبکەن.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**1,019,362**
کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنیان وەرگرتووە

پێویستیەکان:

- بنیاتنانی یەکەکانی خاوێن کردنەوە دەستیان پێکراوە، و چەسپکردنی ئاسانکارییەکانی تەوالێت و حەمام بۆ یەکەم 3,000 شوێنی تەوالێت و حەمامی تازە لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە لە هەفتەی داهاتوو دەست پێدەکات.
- دوو لە هاوکاران دەستنیشان کراون بۆ چەسپ کردن، بەڕێوەبردن و بەردەوامیدان بە ئاسانکارییەکانی تەوالێت و حەمام بۆ 3,400 شوێنی تەوالێت و حەمام لە شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی.

بەهاناوەچوون:

- 126,531 ئاوارە کە دەکاتە (21,088خێزان) لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- وێستگەی چارەسەری ئاوی ئەل سەحرون کە بەم دواییە دووبارە چالاککرایەوە بەستراوەتەوە بە پەمپی ئاوەوە بۆ ناو تۆری گشتی، کە 2,000 مەتر سێجای ئاو لە یەك کاتژمێردا دەکاتە بۆری ئاوەوە و دابینی دەکات بۆ 70,000 هاوولاتی لە ناوچەکانی دەوروبەر. لە ماوەی ئەم هەفتەیە داوایەکان زیادیان کردووە و فشاری نزم لەسەر سیستەمەکە زیانی گەیاندووە بەو ئاوەی کە دابین دەکرێت لە وێستگەی چارەسەری ئاوی ئەل سەحرون، بەڵام هەوڵەکان بەردەوامن لە سەقامگیرکردن و زیادکردنی سەرچاوەکانی ئاو بۆ پڕکردنەوەی داوایەکە.
- ئاوی خواردنەوەی خاوێن کراوەتە تانکەری ئاوەوە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە بەردەوامی، لەگەڵ تێکرای 2,300 مەتر سێجا لە ئاوی ڕۆژانە کراوەتە تانکەری ئاوەوە بۆ 30 گەرەك.
- ئاوی خاوێن کراوەتە تانکەری ئاو بۆ ئەو لادێیانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بەردەوامی هەیە، لەگەڵ ١٩ لادێ تێکرای 213.5 لتری ڕۆژانە وەردەگرن.
- دابەشکردنەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیە تەنگەتاویەکان بۆ 16,452 کەس کە دەکاتە (2,500 خێزان) لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ ئەنجام درابوون لە ماوەی ڕاپۆرتکردنی ئەم هەفتەیە.
- بە نزیکەیی 41,700 شوێنی ئامادەکراوی تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لە ناو خێوەتگەکان، شوێنە تەنگەتاویەکان، و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان، بۆ ئەگەری خزمەتکردنی 253,590 ئاوارە.
- ئاسانکارییەکانی تەوالێت و حەمام، کە پێك دێن لە 39 تەختەی خاوێن کردنەوە (لەگەڵ پێنج تەوالێت و پێنج حەمام)، چوار یەکەی فلتەری ئاو (هەر یەکەیان بە توانای 1,000 لیتر/ لە یەك کاتژمێر) و 50 تانکی ئاو بە (هەریەکەیان بە توانای 5,000 لتر) چەسپکراون لە شوێنی تەنگەتاوی بەساتین ئەل شیوخ.

بۆشاییەکان و ڕێگرییەکان:

- هەماهەنگی لەگەڵ هاوکاران بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی تەوالێت و حەمام لە ناو درێژکراوەکانی شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە بەردەوامە. هیوا هەیە کە لە ماوەی هەفتەی داهاتوو، هاوکاران پشتراستی دەکەنەوە و، ئەگەر ئەمەش ڕوونەدات، چارەسەرییەکانی جێگرەوە ڕەزامەندی لەبارەیەوە دەدرێت.
- دەستنیشان کردنی سەرچاوەی زیاتری ئاو و هاوکاران بۆ کۆمەکی کردنی تەواوی ئاوی خواردنەوەی شیاو هەیە بۆ هاوکاری کردن لە دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بریتی یە لە کارێکی لەپێشینە.

## پاراستن

**271,519**
کەس هاوکاری پاراستنیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- دراسەکردنێکی تەکنیکی پێویستە بۆ تاقیکردنەوەی قەبارەی پیسبوون بە هۆی ماددە ژەهراویەکانەوە لە ناوەوە و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- پێویستیەك هەیە بۆ خزمەتگوزاریە لەپێشینەکان بۆ سەرۆك خێزانەکان لە ڕەگەزی مێ، بەتایبەتی پلاندانانی ڕێکخراو و هەستیاری ڕەگەزی لە ماوەی دابەشکردنی کۆمەکی.
- پێویستیەکی بەهێز هەیە بۆ زیادکردنی بەڵگەنامەی مەدەنی و هاوکاری یاسایی، هەروەك نەبوونی بەڵگەنامەی مەدەنی وەکو ناسنامەی باری شارستانی، بروانامەی هاوسەرگیری و بروانامەی لە دایك بوون بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕاپۆرتکراون لە نێوان ئاوارەکان.

بەهاناوەچوون:

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 271,519 کەس لەلایەن هاوکارانی پاراستنەوە هاوکاری کراون.
- 28 هەڵسەنگاندنی پاراستنی بەپەلە ئەنجام دراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان. لە هەفتەی ڕابردوو، ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن کرابوو لە ناو شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی. ڕاپۆرتەکە تیشکی خستوتە سەر پێویستیەك

بۆ زیادکردنی هەماهەنگی بۆ باشترکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، بە درێژایی لەگەڵ نیگەرانیەکانی بەپەلەی تەندروستی و مەترسیەکانی سەلامەتی جەستەیی.

- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 7,802 سەرۆك خێزان کە دەکاتە (38,840 کەس) لەلایەن تیمەکانی چاودێری کردنی پاراستن هاوکاری کرابوون. 16,210 کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 8, 916حالەت لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن ڕەوانەکراون بۆ هاوکاری تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 1,952 منداڵ کە دەکاتە (1,118 کچ و 834 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە، و 1,486منداڵ کە دەکاتە (684 کچ و 802 کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 28,454 منداڵ کە دەکاتە (13,354کچ و 15,100کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 33,359 منداڵی تر کە دەکاتە (15,943کچ و 17, 416کوڕ) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 233 منداڵ کە دەکاتە ( 94کچ و 139کوڕ) ڕەوانەکرابوون بۆ خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبردنی حاڵەت، بەمەش کۆی گشتی 2,316 منداڵ کە دەکاتە (1,012 کچ و 1,304 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. 70 منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (22کچ و 48کوڕ) بەڵگەنامەیان بۆ کراوەتەوە لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 795منداڵ کە دەکاتە (266کچ و 529کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. کۆی گشتی 2,316 لە ( 1,012کچ و 1,304کوڕ) کە نیگەرانیەکانی پاراستنیان هەیە ڕەوانە کراون بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 1,905 ئافرەت و کچ و 1,472پیاو و کوڕ هاوکاری کراون بە پێدانی زانیاری لەبارەی کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەرجەستەن لەسەر خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. هەشت ڕەوانەکردن بۆ چاودێری جۆراوجۆری تایبەتی لەم هەفتەیە سەریان هەڵداوە، لەوانە بەڕێوەبردنی حالەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. 278 ئافرەت و کچ هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی تەنگەتاوی و 114 کەس مەشقیان پێکراوە لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنمای ڕەگەزی. چل ئافرەت و کچ هاوکاری یاساییان وەرگرتووە کە پەیوەندیان هەیە بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزییەوە هەیە، و 25 ئافرەت پێداویستیەکانی ئافرەتانی دووگیانیان وەرگرتووە.
- هاوکارانی لقی گرووپی مین هەڵگرتنەوە بەردەوامن لە ئۆپەڕاسیۆنەکانی پاککردنەوە لە مین. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، چوار هەڵسەنگاندنی زیانی هەڕەشە لە ناو قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئەنجام درابوون، هەڵسەنگاندنێکی ماددە تەقەمەنیە نەتەقێندراوەکان لە ئیبراهیم خەلیل ئەنجام درا. هەروەها هەڵسەنگاندنەکان لە وێستگەکانی چارەسەری ئاو لە گەڕەکی قادسیەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و حەمام عەلیل ئەنجام درابوون. پەروەردە لەسەر مەترسی مین و ڕزگارکردنی ژیان بۆ 60,122 کەس دابین کراون لەوەتەی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ.

## بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی هاوکاری یاسایی بۆ هەرزەکارە گیراوەکان وەکو بۆشاییەکی بەرچاو دەستنیشان کراون.
- دڵنیابوون لە خەسڵەتی مەدەنی هەندێك لە شوێنەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە ڕێگریەکی گەورە لە هەندێك لە خێوەتگەکان لە باشوری شاری موسڵ.
- قەبارەی بۆمبە چێندراوەکان لە ناوچەکانی هاووڵاتی نیشین پێویستی بە کەل و پەلەکانی پاککردنەوەی میکانیکیە کە هێشتا لە ناوچەی نەینەوا بەرجەستە نین.
- بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکان، ڕاپۆرتکردنێکی بەرچاو هەیە لە بارەی هەراسانکردنی سێکسی ئافرەتان لە ناو خێوەتگەکان بەهۆی هەبوونی ترس.

## پەروەردە

### پێویستیەکان:

- لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەم دواییە ئاوارەبوون، 53,522 منداڵ کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە دەکاتە (35 لەسەدای دانیشتوان کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵەوە ئاوارەبوون). لەو ژمارەیە، 26,813 منداڵە لە ئێستادا دەستیان بە هیچ جۆرێکی پەروەردە ناگات.

26,709

کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە 25 ژینگەکانی فێربوونی کاتی

### بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، 2,910 منداڵ کە دەکاتە (1,239 کوڕ و 1,671 کچ)ی منداڵانی ئاوارە هاوکاری بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمیان وەرگرتووە بۆ جاری یەکەم لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، و لە شارۆچکەکانی داقوق و تکریت.
- بە شێوەیەکی کۆمەڵ، 26,709 منداڵی ئاوارە کە دەکاتە (13,423 کوڕ و 13,286 کچ) بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی پەروەردە لە ژینگەکانی فێربوونی کاتی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و زێلکان و قەیماوە و لە ناو شوێنە تەنگەتاویەکانی حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، لە پۆلە نۆژەنکراوەکان لە شارۆچکەکانی تکریت و عەلەم، و لە گەڕەکی قادسیەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- دوابەدوای ڕێککەوتنێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ دەستپێکردنی پەروەردەی فەرمی لە ناو دامەزراوەکانی خێوەتگە، 3,915 منداڵ کە دەکاتە (لەسەدا 55ی کچن) لە خێوەتگەی حەسەن شام ناونووسکراون. هەوڵەکان لە ڕێگادان بۆ دەستپێکردنی ناونووسینەکان لە ژینگەکانی فێربوون کە لە ناو خێوەتگەکانی خازر و قەیماوە تەواوکراون.

- 1,670 منداڵ کە دەکاتە (لە سەدا 57ی کچ) پێداویستیەکانی قوتابی بۆیان دابین کرابوو لە ناو خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر.
- 36 ڕێکخراوی ناحکومی بەشداربوو لە (لەوانە 16 ڕەگەزی مێ) لە دەوك مەشقیان پێکرابوو لەسەر پەروەردە و پاراستنی منداڵ لە تەنگەتاویەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ژمارەی سنورداری مامۆستاکان لە سەنتەری فێربوونی فەرمی خێوەتگەی حەسەن شام زیان بە پۆلەکان دەگەیێنێت. لە ئێستادا تەنها شەش مامۆستای خۆبەخش هەن بۆ هاوکاری کردنی 1,875 منداڵ.
- نەك هەموو قوتابخانەکان دووبارە کراونەتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بەتەواوی لە ماددە ژەهراویەکان پاککراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێنەدانی مووچەی مامۆستاکان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە بەردەوام دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لە دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان.
- کورتهێنان لە ماددەکانی قوتابخانە بەردەوام دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەهاناوەچوون، هەروەك وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵ پەرتووکی ناتەواوی هەیە تاکو بینێرێت بۆ خێوەتگەکان و ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە بۆ بەرنامەکانی فێربوونی فەرمی.
- چاککردنەوەی بچووك و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە ناو ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە قوتابخانەکان سەلامەتن بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگاکانیان.

## کەل و پەلەکان

| |
|---|
| **2,056 مەترسێجا**<br>لە شت و مەك و کەل و پەلی ناخۆراکی لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ڕادەستکراوە |

شوێنی کۆگای باو کە بەرجەستەیە:

- قەبارەی 23,111 مەتر سێجا بەرجەستەیە کە دەکاتە (لە ئێستادا 52 لەسەدای داگیرکراوە).

بەهاناوەهاتن:

- لە نێوان ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ و ١٢ی شوباتی ٢٠١٧، کۆی گشتی 29,405 مەتر سێجا لە بارهەڵگری کەل و پەلی ناخۆراکی، کە هاوتایە بە 6,142 مەتر تەن، ڕادەستکراوە بە ناوی 30 ڕێکخراوی مرۆییەوە.
- گرووپی کەل و پەل هاوکاری ژمارەیەك لە ڕێکخراوی ناحکومی و هاوکارانی حکومی کردووە بە پێدانی قەرزێکی یەکەکانی کۆگای گەڕۆك، بۆ ئاسانکاری کردنی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکیەکانی بەهاناوەچوونی مرۆیی.
- گرووپی کەل و پەل 300 ڕەشماڵی خێزانی تری گوازتوەتەوە بۆ شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، بۆ فراوانکردنی توانای ئێستای خێوەتگە لە ناوچەکەدا.
- دوو یەکەی کۆگای گەڕۆك لە حەمام عەلیل دانراون، تاکو بەکاربهێندرێن وەکو کۆگایەکی باو بە قەبارەی (560 مەتر دووجا) بۆ هەردوو هاوکاری کردنی دەوروبەری خێوەتگە و بۆ پێش وەختە دانانی کەل و پەلەکان بۆ بەهاناوەچوونی ئەگەری ئاوارەبوون لەلای ڕۆژئاوای شاری موسڵ.
- گرووپی کەل و پەل کۆگایەکی بە قەبارەی (1750 مەتر دووجا) دابین کردووە بۆ بەکارهێنانی کۆگای باو لە دەوروبەری گۆگجەلی، بۆ هاوکاری کردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەماهەنگی لەگەڵ گرووپە پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتداران وەك کارێکی لەپێشینە دەمێنێتەوە بۆ ڕێکخستنی ئامادەکاری و شیکاری بۆشاییەکان لە ناوچە سەرەکیەکان لە دەوروبەری موسڵ کە زۆر پێدەچێت جوڵانەوەیەکی بەرچاوی ئاوارەکان بەخۆیەوە ببینێت لە هەفتەکانی داهاتوودا.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

| |
|---|
| **ڕۆژانە**<br>هاوکاری کردن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە پێدانی ژێرخانی پەیوەندییەکانی مرۆیی |

بەهاناوەچوون:

- گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیەکانی ئاسایشی و بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ناو نووسینگەی مێرسی هاندس لە شارۆچکەی گەیارە و لە ناو نووسینگەی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە ناو شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە.
- هەروەها گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ئێستا بەیەکەوەبەستنی ئینتەرنێت دابین دەکات لە نووسینگەی ئەنجومەنی پەنابەری دانیمارکی لە شوێنی تەنگەتاوی بنکەی ئاسمانی گەیارە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

**ڕۆژانە**

بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە موسڵەوە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

بەهاناوەچوون :

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکانی عێراق 387 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە کە پەیوەندیان بە موسڵەوە هەبوولە هەفتەی ڕابردوودا. نزیکەی 81 لەسەدای پەیوەندیەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام درابوون، لەگەڵ زۆرینەی پەیوەندیەکان کە پەیوەندیان هەبوو بە هاوکاری پارەی کاش و خۆراك، و ژمارەیەکی بەرچاوی پەیوەندیەکان لە شاری موسڵەوە پەیوەندیان هەبوو بە نەبوونی ئاسایشی ئاو. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەم دواییانە گەڕاونەتەوە بۆ شاری موسڵ پرسیاریان دەکرد لە بارەی چۆنیەتی گەڕاندنەوەی بەڵگەنامەکانی ناسنامەکانیان بۆیان.
- هەروەك لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبووانی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە 161,208 کەس کە دەکاتە (26,868 خێزان) لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن وەك دەرەنجامێك بەهۆی شەڕوپێکدادانەکان لە ناوەوە و دەوروبەری شاری موسڵ کە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەستیان پێکرد.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لە بارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردایەتی ئاژانسەکانی گروپی سەرەکی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و کە لەلایەن ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی دەکرێن و هەفتەی دوو جار کۆدەبنەوە بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتە ستراتیجیەکەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێڕوانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە ناو عێراق. گروپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا، هەر دووهەفتە جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. کۆبوونەوەیەکی سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و سەنتەری هەماهەنگی و چاودێری کردن و سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و هاوکارانی گروپ و ڕێکخەرانی ناوچە هەفتانە بەڕێوە دەچێت. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە

توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:
بۆ پرسیاری تر: دامیان ڕانس، rance@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D